هەڤاڵ ئەبوبەکر: ئەگەر هۆشیارانەو بەرپرسیارانە مامەڵەنەکرێت، ئەوا عێراق دەبێت بە سوریا



هەڤاڵ ئەبووبەکر پارێزگاری سلێمانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك نوسینێکی بڵاوکردەوە دەڵێت دۆخی ناوچەکەو دنیا؛ لە دۆخێکی هەستیارو ناهەموارو مەترسیدارو پڕ لە ئاڵنگاری و دەستشکاندنەوەو پاکتاوکردندایە؛

پارێزگاری سلێمانی وتیشی ڕوداوەکان زۆر خێرا دەڕۆن و دەگۆڕێن، ئەگەر هۆشیارانەو بەرپرسیارانە مامەڵەنەکرێت، ئەوا؛ باشوری لوبنان دەبێت بە غەززە، سوریا دەبێت بە باشوری لوبنان، عیراق دەبێت بە سوریا، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

دەشڵێت وەک هەمیشە دەیڵێمەوە؛ پێویستە کورد ناکۆکییە ناوخۆییەکانی تێبپەڕێنێت و، نەبێتە بەشێک لە شەڕو ئاشوب و ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

هەروەها پێویستە؛ لایەنە سیاسییەکان؛ دڵی هاووڵاتیانی کوردستان بدەنەوە، نەک دڵی خۆیان بە جەرگی بێگانان بدەن. کورد لە مێژە فەرمویەتی: ئەوەی بکات بێگانە پەرستیی، دوایی هەر دەنێت؛ نوشستیی..